*بانگەوازێک بۆ خەڵکی کوردستان!*

# داوای ئازادی بێقەد ومەرجی د.کەمال سەید قادر بکەن

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کەلە بنەماڵەی د.کەمال سەید قادرەوە بەدەستمانگەشتووە، دادگای پارتی بڕیارە ڕۆژی پێنجشەممە 23-2-2006 کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانی دادگایەکی کارتۆنی دیکە بۆ د.کەمال سەید قادر هەڵخاتەوە لەشاری هەولێر. بەدوای پووچەڵبوونەوەی پیلانی بێسەروشوێنکردنی د.کەمال لەلایەن دەزگای پاراستنی پارتیەوە، بۆ 4چوار مانگ دەچێت بەشێوەیەکی هەمەجی ودوور لەهەر شێوازێکی یاسایی د.کەمال لەزیندانندا ڕاگیراوە وبەرەوڕووی ئەشکەنجەی دەروونی وڕۆحی کراوەتەوە. ئێستا لەژێر گوشاری بزووتنەوەی دیفاع لەئازادی سیاسی وبەرگری لە د.کەمال دا، حوکمی 30ساڵ زیندانیی د.کەمالی هەڵوەشاوەتەوە، وپارتی گەرەکیەتی بەبەرقەرارکردنی دادگایەکی دیکە بۆی، شەرعیەتبدات بەدادگا ودەسەڵاتی خۆی لەکوردستان کەبەجددی چۆتە ژێرپرسیارەوە.

کێشمەکێشی ئەم 4چوار مانگەی نێوان ئازادیخوازان وپارتی د.کەمالی کردە سومبولی ئازادی وتاڕادەیەکی باش بەرەی دیفاع لەئازادی سیاسی شکڵپێداوە. بزووتنەوەی دیفاع لەئازادی سیاسی وئازادی بۆ د.کەمال پارتی لەسەرجێی خۆی داناوەتەوە وژیانی د.کەمالی لەمەرگی موحەقەق ڕزگارکرد. ئێستاش هەروەک چۆن پێشتر داوای ئازادی بێقەید ومەرجی د.کەمالی کردوە، بانگەوازی تەواوی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان ولایەنگرانی سەروەریی یاسا وڕیسوابوونی پیلان وڕفاندنی خەڵکی سیاسی وموخالیف دەکەین ڕۆژی دادگایی د.کەمال لەبەردەم دادگای هەولێر کۆببنەوە وبەشێوازی شارستانی داوای ئازادی بێقەید ومەرجی د.کەمال بکەن. چونکە د.کەمال 2ووتاری ڕەخنەیی نوسیوە وهیچ تاوانێکی نەکردووە. ئەوەی دەبێت بدرێتەدادگا ئەوە سەرانی پارتی ولێپرسراوانی دەزگای پاراستنی پارتین، نەک د.کەمال.

**کۆمیتەی بەرگری لەئازادی سیاسی وبیروڕاوە لە هۆڵەندا**

**2006-2-20**